Kurd-islam کورد - ئیسلام

خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە و تێڕوانینێکی زانستیانەیە لە ئایینی ئیسلام

## **ماڵپەڕێکی نوێی دژە ئیسلام کرایەوە**

ماڵپەڕی کورد–ئیسلام www.kurd–islam.com

# خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەو تێڕوانینێکی زانستیانە بۆ ئایینی ئیسلام

لەگەڵ هەبوونی کۆمەڵگەلێک بەستەری سیاسی, کۆمەلایەتی, ئابووری, زانستی, مەعریفی, فەرهەنگی و هەمەرەنگ..تاد, هەستمانکرد, لەڕووی گوتاری ئایینیەوە, لاوازیو بۆشاییەکی گەورە لای کوردزمان ئامادەو بەرچاوە. کۆمەڵگەی کوردستان, بەهۆی پێگەی جیۆلۆلەتیکییەوە, کەوتۆتە ژێر کاریگەری کەلتورو نەریتی نەتەوەکانی دەوروبەری. بەهۆی هەبوونی زاڵدەستی و دەسەلاتی سەپێنەرو سیستمە تەقلیدیەکانی ئیسلام, کە سەدان ساڵە لای تاکەکانی کورد بەرجەستەن, هوشیاریی میتافیزیکی تەواو لاوازە. خۆکوشتن, لە پێناوی خەیاڵەکانی بەهەشت, لە زهنی ئاییزاکانی ئەمڕۆدا بووە بە بەشێکی گرنگ لە بیرکردنەوەو چەمکەکانی ژیانیان. بەم هۆیەوە کورد, پاش ئەوەی کە خاوەنی ئایین و دەوڵەتی خۆی بوو, بەهۆی ئیسلامەوە نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی میتۆدێک لە مەعریفەی خۆی. بەردەوامبوونی ئەم ڕەوشەش بووەتە مایەی سەرگەردانی هوشیاری ئایینی و تێنەگەیشتن لە تێزی دیموکراتی و هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن.

بەم هۆیەوە بە پێویستمان زانی هەبوونی بەستەرێکی لەم شێوەیە کورد–ئیسلام خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە و تێڕوانینێکی زانستییانە بێت لەئاییینی ئیسلام، تا ئەو بۆشاییە پڕ بکەینەوە.

ئەم ماڵپەڕە دەرخستنی حەقیقەتەکانی ئەم ئایینەیە وەک خۆی، نەک حوکم ورقێکی کوێرانە کە ساکارانە بڕوانێتە دەقەکانی.

دیارە ئەم بەستەرە تاکە بەستەری زانستی نیە لەو بارەیەوە بەو میتۆدە کار بکات, چونکە هەندێک هەوڵی گەشبینی تریش دەبینرێن, بەلاًم مەبەستمانە ئەم بەستەرە ببێتە دەروازەیەک بۆ هوشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان بە ڕەهەندەکانی گوتاری ئایین و چەمکەکانی ئازادی و زانست و شارستانییەتی سەردەم.

1/ کورد ئیسلام ماڵێکە بۆ هەموان و خۆت بە خاوەنی بزانە

2/ بە بابەتی گونجاو بەشداری بکە و سەرپشک بە لەوەی ناوی خۆت بنوسین یان خواستراوەکەت

3/ باشترین جۆری بەشداربوونت ناردنی ئەو بابەتە زانستییانەیە کە دەروازەکانی ئەم بەستەرە دەیانگرێتەوە لەگەڵ نوسینی ئایەت و حەدیس و ڕووداوەکانی مێژووی ئیسلام بەوەرگێڕانی کوردیەوە و دیاریکردنی سەرچاوەکەی

4/ گەر کارەکەت بۆ ئەنجام نەدرا ، ئێمە لە زانیارییەکانت ئاگادار بکەوە

islamukurd@yahoo.com